# گەنج لە نێو هاوکێشەکانی ژیاندا

**لە کۆمەڵگایەکدا کە تازە لەسەرە رێی کرانەوە و پەیڕەدن بە پێشکەوتن لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، ئەو هۆکارانە چین کە دەبنە هۆی سەرهەڵدانی کێشەکان و پەراوێز خستنی گەنج، ئەمەش بە سەرەتایەکی خەتەرناك دادەنرێت بۆ داهاتەی ئەم وڵاتە، ئایە ئەم پەراویزخستنە لە چیەوە سەرچاوەی گرتوە؟، بڵێی کاریگەری ململانێی نەوەکان بێت، کە ئەمەش پێشینەیەکی دوری هەیە و لە هەموو قۆناغەکانی ژیاندا ئەم ململانێیە بونی هەبووە، یاخود حاڵەتێکی لێکتێنەگەشتنە کە ئەمرۆ سەراپای تێروانینەکانی گرتۆتەوە، ئایە گرفتێك هەیە لە نێوان گەنج و دەسەڵاتدا؟، یاخود دیسانەوە نا تێگەشتنێك هەیە، ئەرکی دەسەڵات چیە لە بەرانبەر ئەم قەیرانەدا و دەبێت ئەرکەکانی سەرشانی گەنجانیش چیبن و چۆن جێبەجێیان بکات؟، دەست پێکردنەوەی کۆچی بەلێشاوی گەنجان بۆ؟، ئەی ئەو بەراوردکاریانە چین لە نێوان ژیان و تێروانین و تێفکرینەکانی گەنجانی ئێرە و گەنجانی وڵاتانی پێشکەوتوو، کۆمەڵگە چۆن دەڕوانێتە هەڵسوکەوتەکانی گەنج.**

**ئەمانە و چەند بابەتێکی تری تایبەت بەم کێشەیە لەم تەوەرەدا دەخەینەڕو، بەڵام ئەوەی کە جێگەی ئاماژە پێدانە ئەم تەوەرە کاری نزیکەی 6 مانگە و لە رێگەی رۆژنامەی جەماوەرەوە خستومانەتەڕو، بۆیە بە پێویستی دەزانین جارێکی تر لە رێگەی سایتی دەنگەکانەوە دوبارە بیخەینە روو، چونکە ئەوەی هەستی پێدەکەین بەردەوامی ئەو گرفتانەیە و لە رۆژگاری ئەمڕۆشدا دوبارە بونەتەوە.**

**سازدانی تەوەر : ڕێبوار ڕەزا چوچانی :** rebwarreza1983@yahoo.com

.............................................................................................

" 11 "

## ڕقی گەنج و بێباکی دەسەڵات

**چیمەن چەتۆ**



دوای( 15 )ساڵی دەسەڵات و دوای ئەوەی کە کورد هەڵبژاردنی کردو پەرلەمانی کوردستان دامەزراو کێشەی ففتی ففتی و شەڕی براکوژی و ماڵوێرانی لێکەوتەوە، سەرجەم کایە و دامو دەزگاکانی وێران و تووشی دابەشبوون بوو، هەزاران گەنج لەم شەڕە ماڵ وێرانکەرەدا کوژران و گیران و دەست بەسەرکران، زیندانی حیزبەکان پرکران لە گەنج، بەتۆمەتی ئینتیمای جیاوازەوە دوایش ڕێکەوتننامەی واشنتۆن گرێدرا بۆ نزیکبونەوە وئاشتبونەوەی هەردوو پارتە سیاسیە شەڕکەرەکە، بارودۆخێکی یەکجار سەخت و دژوار باڵی بەسەر هەموو کایەکانی حکومەتدا کێشاو ئەو ناوچەیەی بەر لەچەند ساڵ حکومەتی بەعس وێران و تاڵان و تەعریب و کوشتن و بڕینی تێدا ئەنجام دابوو، بەهۆی شەڕی ناوخۆوە وێرانترکرا، زۆرترین سەروەت و سامانی ئەم ناوچەیە بەهەدەر درا، باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی خەڵکی بەشێوەیەکی گشتی و گەنجیش بەتایبەتی دووچاری ئازار و بێئومێدیەکی زۆر کردەوە، ئەم بارە نالەبارە فشارێکی یەکجار زۆری خستە سەر گەنج، ئەوەی لێرەدا جێگای پرسیارە ئەوەیە، ئایا دەسەڵاتی کوردی تاچەند هەوڵی بنیادنانەوەی ئەم ژێرخانە ڕووخاوەی داوە؟ ئایا دەسەڵاتی کوردی تا چەند هەوڵی هێنانە مەیدانی گەنجی داوە و سوودی لەتواناکانی گەنجی وڵاتەکەی بینیوە؟

بێگومان هەردوو حیزبی دەسەڵاتداری کوردی، لەماوەی ئەم (15) ساڵەی دەسەڵاتیان هیچ بەرنامەیەکی ڕێکوپێك و نەخشە کێشراویان نەخستۆتە کار بۆ گۆڕینی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی خەڵك، بەپێچەوانەوە زۆر کات ئەگەر هەنگاوێکیش نرابێت کومەڵێك لایەنی خراپی هەبووە کەچی هەر جێبەجێکراوە، دەتوانم بڵێم (15) ساڵە کوردستان بەبێ قۆناغ تێپەڕ دەبێت بگرە لە زۆر بواردا ئەم دەسەڵاتە زۆر لەدوای ڕاپەڕین خراپتر بووە، ئەمەش کاریگەریەکی زۆرتری لەسەر گەنج هەبووە بەحوکمی زۆرتر هەستیاربوونی تەمەن وئاستی هۆشیاریەوە.

کە دەڵێین کوردستان لە (15) ساڵی دەسەڵاتی کوردی بەبێ قۆناغ بووە، مەبەستمانە بڵێین کە زۆربەی گیروگرفتەکان لەساڵی (1991) تاکو ئێستا لە یەك قاڵب ماونەتەوەو هیچ گۆڕانکاریەکیان بەسەردا نەهاتووە، بگرە کێشەکان زۆرتربوون و لە بەرامبەریشدا دەسەڵات کەمتواناتر دەردەکەوێت، هەڵبەتە ئەمە لە کاتێکدایە کە دەسەڵات بە بەردەوامی تەئکید لەسەر ماف هاووڵاتیبوون ومەدەنیەت وچی وچی دەکات، ئەم داوایانە لەکۆمەڵگەیەك جێبەجێ دەبێت، کە بە درێژایی(15) ساڵ چەندین گۆڕانکاری بنەڕەتی لەهەموو کایەکانی حکومەت دروست بوایە نەوەکو لەساڵی (1991) ەوە تاکو ئێستا کارەبات وەکو فلاش بێت و زۆرترین ژمارەی کرێچی و ناعەدالیەتیەکی تاسەر ئێسقان و ژێرخانێکی ڕووخاو، وڵاتێکی پڕ زێڕی ڕەش و خەڵکێکی بێ بەنزین ونەوت وگازت هەبێت، کەواتە کامەیە ئەو قۆناغەی کە قەیرانی ئەم پێداویستیانەی بەرەو باشتر بردبێ،ئەمەیان لەلایەنی ئابووری، لەلایەنی کۆمەڵایەتیش تاوەکو ئێستا لەلایەن پەرلەمان وسەرۆك حیزبەکان چەند بڕیارو یاسای وا دەرکراوە کە خەڵك وکۆمەڵگا لەم بێدادیە ڕزگاری بێت کەچی هەرخۆیان بوونەتە پێشێلکەری بڕیارەکانی خۆیان لەماف ئافرەت و منداڵ و کڕینەوەی ناموس و نەهێشتنی بەناهەقی کوشتوبڕی ژنان و چەندانی تر، دواجار هەرخۆشیان پەنایان بردۆتە بەر سوڵحی عەشایەری و پیاوماقوڵان ودیوەخانی سەرۆك عەشیرەتەکان، نموونە زۆرە یەك لەوانە لەساڵی ڕابردوو تاوەکو ئێستا بەپێی ئامارێکی مامۆستا (جەبار جەمال غەریب) ڕێژەی کوژرانی ئافرەت زیاتر بووە لەڕێژەی کوژرانی ئەو سەربازانەی کە لەشەڕی ئازادی عێراق کوژراون، ڕیژەی ئەو کچانەی کە بەتەمەنێکی بچووك یا لەسەر بێشکە بە شوو دەدرێن لەناوچەکانی ڕانیە و دەوروبەری زیاتر بووە، ئەگەر ئێمە دەقی بڕیارەکان و پێشێلکاریەکان لەلایەن خودی دەسەڵاتەوە باس بکەین بەچەندان نووسینی لەم شێوەیە تەواو نابێت

## سیستەمی بەڕێوەبردن و پەراوێزکردنی گەنج

ئەم سیستەمە ئیداری و بەڕێوەبردنەی وڵات کە لە لایەن دەسەڵاتەوە بەڕێوە دەبرێت و لەلایەن کۆمەڵێك کەسی پیرەوە قورخ کراوە و لەهەموو دەورەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانیش پۆستەکانیان دەگۆڕێت و دووبارە لەناو ئەم دەورەیەدا پۆست وەردەگرنەوە و تەنها تابلۆی وەزارەتەکانیان دەگۆڕن و ناوی وەزارەتێکی تری لەسەر دەنووسرێ کە هەمان عەقڵی بەڕێوەبردن وسیستەمی ئیداریە، ئەمە خۆی لەخۆیدا دوورخستنەوە و پاسیف کردنی گەنجە بەهەموو ماناکانیەوە، گوێنەدانە بە تواناو وجودی گەنج، کە هیچ حیساب بۆ هێز و گوڕی ناکرێ وهێشتنەوەی کێشەکان وەك خۆی خۆ دوورگرتنە لە گۆڕانکاری، ترسە لەو دەنگە گەنجانەیەی ئەگەر بێتە ناو ئەم سیستەمە بە شێوە و ئاقارێکی تری ئاڕاستە دەکات کەچیتر قبوڵی ئەوە ناکات شارەکانمان بەوەهم بوبێتە

دوبەی و لادێکانیشمان کوندەپەپوو بەسەریەوە بخوێنیٚ، دەبیٚ بزانین بە بەردەوامبوونی ئەم بارودۆخەش بەرپرس و وەزیرەکان بالاٚخانە و بازاڕە مۆدێرن و کۆمپانیاکانیان زیاتر هەلٚدەکێشن بۆ ئاسمان وگەنج وخەلٚکی هەژاریش زیاتر دەنگی ناڕەزایی و بێزاریان بەرزدەبێتەوە ئەگەر ئەمڕۆ خۆپیشاندانێك لە کەلارو دەربەندیخان وچەمچەمالٚ بێت بەیانی شۆرشێکی سەرتاسەرییە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو فەسادی و گەندەلٚیەی کە دووچینی زۆر لەیەکتر جیاوازی دروست کردووە.ئەگەر دەسەلاٚت بیرلەوە نەکاتەوە کەئەو دیوارە پۆلاٚیینەی نێوان خۆیی و هاوولاٚتی تێکبشکێنیٚ و ئەوبیٚ موبالاتیەی بەرامبەر بەژیانی خەلٚکی کۆتایی پێبێنیٚ، دەبێت بزانن گەنج لەتوانایدا نەماوە (15) سالٚی تر چاوەڕیٚ بکات تا تەمەنی دەسەلاٚتیان دەبێت بە (30) سالٚ ئینجا گۆڕان بە زەرورەت بزانن چونکە ئێستا گەنجە و لە دواییدا تەمەنی دەبێتە چل پەنجا سالٚێك وپیر دەبێت، ئاخر دەبێت حزبەکانی دەسەلاٚت لەوە بگەن کە ئەو (15) سالٚە دەسەلاٚتی کوردی هەرچی خەون و خولیاو توانای گەنجان هەیە هاڕیویەتی، لەئێستادا گەنج شەڕی بەدەست هێنانەوەی گەنجایەتی خۆی دەکات لەگەلٚ دەسەلاٚت، گەنج نایەوێت لەمە زیاتر گوێی پڕبێت لەم بەلٚێن و مزگێنیانەی کەچەند ڕۆژجارێك لەشاشەی تیڤی و کەنالٚە ئاسمانیەکان و ڕۆژنامەکانی حیزب دەیبیستن، گەنج لەم ولاٚتە زۆرباش لە گوتاری حیزب و دەسەلاٚت گەیشتووە، کە بەردەوام کێشە بچووك دەکەنەوە و زەرورەتەکان کورت دەکەنەوە بۆشتی سادە، داواکانی گەنجان بەو شێوەیە چارەسەر دەکەن کە (100) گەنجێك ببەن لە ڕێو ڕەسمێکی ئاهەنگ ئامێزدا، لەناو یاریگای شارەکان ژنیان بۆبێنن، بەبیٚ ئەوەی بیریان لەوە کردبێتەوە کە ئەم ( 100) گەنجە پێویستی بە خانوو و پێداویستیەکانی ترو کارو پیشەیەك هەیە بۆ ئەوەی بتوانیٚ بژی، ئەمە کەی چارەسەری کێشەکانی گەنجە تۆ بە کۆمەلٚ ژن بۆ گەنج بهێنی، بەبیٚ ئەوەی شوێنی نیشتەجێکردنی بۆ دابین بکەی، ئەمە جگە لەچاو بەستنی گەنج بۆ کێشە بنەڕەتیەکانی هیچیتر نییە؟ کێشەی گەنج بەوە چارەسەر نابیٚ تۆ بێیت گەنج لە لادێکان نەهێلٚی و هەمووی بکەی بە پۆلیس و پاسەوان.

تۆ بێیت گەورەترین سامانی کشتوکالٚی ولاٚت تەفرو تونا بکەیت و ولاٚتێك لە چەکدار دروست بکەیت و تەنانەت مەعکەرۆنیش لە تورکیا بهێنی، ئەمە لەحالٚێکدا ئەم ولاٚتە ژێرخانێکی هێندە داتەپیوی هەیە، پێویستە توانای ئەم هەموو گەنجە بۆ بژاندنەوە و بنیاتنانەوە و پیشەسازی سوودی لیٚوەرگیریٚ، ناکریٚ تۆبێیت بە دامەزراندنی وەزارەتێك بەناوی (وەرزش ولاوان) وەلاٚمی هەموو کێشە بنچینەییەکانی خەلٚك و گەنج بدەیتەوە، وەزارەتی ناوبراویش لەکاتێك ڕق وهاواری گەنج چەندین خۆپیشاندان دەسازێنیٚ، ئەو ئاهەنگی ڕۆژی جیهانی لاوان دەگێڕیٚ، ئەمە ئەگەر خۆدزینەوە و بێباکی نەبێت لەئاست کێشەکانی گەنج چیترە ..!! لێرەدا دەتوانم بلٚێم کێشەی گەنج وەك هاوکێشەیەك وایە کە دەسەلاٚت دەیەوێت بە وەزارەتێك کێشەکە بەرەو ئەنجام (چارەسەر) بگەیەنیٚ ئەم ئەنجامەش بەردەوام تەریب دێتەوە لەگەلٚ ئەم واقیعەی کە خەلٚك بەگشتی و گەنج بە تایبەتی تیایدا دەژی. کێشەی گەنج گەیشتۆتە شوێنیٚ کەدەتوانین پێی بلٚێین ئەوپەڕی بیٚ متمانەیی بەرامبەر بە گوتارەکانی دەسەلاٚت .

ئەگەر سەیرکەین خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان لە کاتێکدابوو کە گەورەترین کۆبوونەوە لەگەلٚ زۆربەی خەلٚکی ئەو ناوچانە بەڕێوەچوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، هەردوو هەفتە بەسەر کۆبوونەوەکان تێپەرنەبوو زۆرترین گەنجی کەلارو دەربەندیخان وچەمچەمالٚ هاتنە سەر شەقامەکان کە ئەمە بیٚ

متمانەیی و بەرگە نەگرتنی خەڵکی نیشاندا، بەرامبەر بە خەمساردی دەسەڵات لە هەمبەر چارەسەرکردنی کێشەکان، هاوکات دەبینین وەزارەتێك هێندە دوورە پەرێزە لەلێکدانەوەو خوێندنەوی ئەم واقیعە لەبری پرۆژەی جدی و تەفسیرکردنی ئەم حاڵەتە ئەو هەڵدەستێت گەورەترین ئاهەنگ سازدەکات بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی لاوان، لێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوە ئایا ئەوانەی خۆپیشاندانیان کرد گەنج نەبوون ؟ یادکردنەوەی ئەو ڕۆژە ئەوان ناگرێتەوە؟

چارەسەرکردن وخستنەڕووی گرفتەکان لەئێستای لاوان زەرورترە لەوەی ئاهەنگێکیان بۆ بگێڕدرێ و زۆر بە ڕوونیش ئەوە بەرچاو دەکەوێ ڕێژەی ئەو گەنجانەی کە خۆپیشاندانیان کردو دەستگیرکران چەند بەقەد ئەو کۆمەڵە گەنجە بوو کە لەم ئاهەنگە بەشدار بوون، کەواتە ئەو واقیعەی کە گەنج لێرە تێیدا دەژی و ئەو خوێندنەوەی ئەم وەزارەتە بۆ ئەو واقیعەی دەیکات زۆر پێچەوانەیە، کاتێ تۆ (200) گەنجت لەناو زیندانەکان لەسەر خۆپیشاندان گیرابن و تۆش ئاهەنگی ڕۆژی جیهانی لاوان بگێڕیت، کەواتە تۆ حەزق مەسەلەیەکت کردووە کە پێی دەڵێن کێشەی گەنج و ئازارەکانی گەنج، گەر وانەبێت دەبوایە ئەو ڕۆژە لەبری ئاهەنگ گێڕان ئەم هەوڵی ئازادکردنی گەنجەکانی بدایە، گەورەترین پرۆژەی هەبووایە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان، ئێستاش درەنگ نییە بۆ خستنەڕووی ئەو پرۆژانەی کە بۆ ئێستای گەنج پێویستن چونکە ئێستاش گەنج بە ئاقارێکدا دەڕوات کە دەتوانین ناوی بەرین بە سەرهەڵدانەوەی کۆچکردنی گەنجان کەئەمەش خراپترین قۆناغە کە هەر وڵاتێك تێیدەکەوێت، لێرەدا نەك وەزارەتێکی وەك (وەرزش و لاوان) بەڵکو دەبێت حکومەت و دەسەڵات قسەی خۆیان هەبێت.

دەهۆڵ و زوورنای ئاهەنگەکان زەروورەتەکانی گەنج پڕناکەنەوە بەڵکو گەنج سەر لێشێواو ترو تووڕەتر دەکەن، ئەو قۆناغەی کە ئێستا گەنج تیاییدا دەژی زۆر لەوکاتە ناسکترە کە پڕو پاگەندەیان بۆ هەڵبژاردن دەکردو داوایان لە گەنجان دەکرد بەشداری هەڵبژاردن بکەن، چونکە ئەو کاتە پێویستیان بەهێزو تواناو دەنگی گەنج هەبوو بۆ سەرخستنی ئەم پرۆسەیە، ئەو کاتە هەستیان دەکرد لە غیابی وجودو دەنگی گەنج چ مەترسیەك چاوەڕێی وڵات و دەسەڵاتەکەیان دەکات، بەڵام نابێت بێئاگاش بن لەوەی پێش ئەم پرۆسەیە چ گوتارێکیان هەبوو بۆ گەنج و چ بەڵێنێکیان پێدەداو لەدوایشدا هەموو بووە بڵقی سەرئاو و بارودۆخەکەش لەپێش ئەم پرۆسەیە خراپتر بوو، ئەمە بووە هۆی ئەوەی ڕقی گەنج و بێ متمانەیی بگاتە ئاستێك وەکو ئێستای لێبێت، ئەو گوتارانەی دەسەڵات و بەردەوامی کێشە گەورەکان وایکرد ( 85 ٪ ) گەنجان دووچاری گومانێکی گەورەبن بەرامبەر بە ئایندەی خۆیان و بیر لەسەفەرو جێهێشتنی وڵات بکەنەوە کە ((ئەم ڕێژە بەر لە مانگێك وەك ئامارێك بڕاقی ژیان لەنێو گەنجانی شاری هەولێر سازی دابوو))

ئالێرەدا بێباکی دەسەڵات بەرامبەر کێشەکانی گەنج دەردەکەوێت، لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی رابردوودا هەستیان بە زەروورەتی وجودی گەنج دەکرد بۆ سەرخستنی هەڵبژاردن، بەڵام دوای ئەم پرۆسەیە هەست بەم مەترسیە ناکەن کە ئەگەر ئەم ڕێژە زۆرە بەشێوەیەك لێکی بدەینەوە، لەهەر( 100 ) گەنجێك ( 85 ) کەسیان جێهێشتنی وڵات بەچارەسەری کێشەکانیان بزانن، کەواتە ئێمە وڵاتێکمان بۆ بەجێ دەمێنێ تەنها بریتی دەبێ لە ژن ومنداڵ وپیر !!

ئەگەر تەنانەت( 10 ٪ ) لەو گەنجانە کۆچ بکەن هێشتا گەورەترین کێشەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و تەنانەت

سیاسیش دروست دەبێت، ئەگەر لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە بە نموونە وەربگرین دەبینین ئەگەر (10 ٪) گەنجی نێر بچێتە دەرەوەی وڵات ئەوا لە بەرامبەریدا( 10 ٪) گەنجی مێ وەك قورساییەك بەسەر کۆمەڵگا دەمێنێتەوە و ناتوانێت پرۆسەی هاوسەرگیری بەئەنجام بگەیەنێت، ئەو کات ڕێژەی قەیرەیی لەناو کۆمەڵگا زۆر زیاتر دەبێت لەوەی ئێستا، هەڵبەت کێشەی قەیرە کچی ئێستا لە کوردستان کێشەیەکی گەورەیەو پێویستی بە چارەسەری گونجاو هەیە، جا ئەگەر بێتو بە ووردی لەم حاڵەتانە بڕوانین دەبینین پەککەوتنێکی گشتی هەموو ڕەهەندەکانی تر دەگرێتەوە و لەهەمان کاتدا خاڵی کردنەوەی وزەو توانای گەنج و دوورخستنەوی گەنج لەهەر کایەیەك لە کایەکان حکومەت و کۆمەڵگەش توشی ئیفلیج بونێکی گشتی دەکات.

ئەوەی جێگای هەڵوەستە لەسەر کردنە دوای خۆپیشاندانەکانی ئەو دوایەی گەنجان کۆچکردنی گەنج گەورەترین زەنگی مەترسییە کە ناکرێ لەوە زیاتر دەسەڵات خۆی بەڕێگا چارەی لاوەکی خەریك بکات کە تاکو ئێستا گرتوویەتە بەر، داخستنی سنوورەکان یان نەدانی فیزەی وڵاتانی دراوسێ وەك تورکیا، ئەمانە هیچیان ئەم قەیرانە چارەسەر ناکات چونکە سنووورداش کردن و گەڕاندنەوەی گەنجان بۆ ناو وڵات میکانیزمێك نییە بەهۆیەوە کێشەکانی گەنج چارەسەر بێت، دەسەڵات دەبێت ئەلتەرناتیڤی هەبێت بۆ ئەوەی گەنج سەری خۆی هەڵنەگرێ لەم وڵاتە. دەبێت ئەم وڵاتە ببێتەوە بەو شوێنەی کە مرۆڤ بتوانێ تیایدا بژی و ئایندەی خۆی تیادا بدۆزێتەوە، بە گرتن وسنووورداش کردنی( 600 ) گەنج کێشەی گەنج چارەسەر نابێت، بۆیە دەبێت دەسەڵات پەنجە بخاتە سەر ئەو خاڵانەی کە ژیانی مرۆڤی کوردیان کردۆتە دۆزەخ، هەروەها کاتی ئەوە هاتووە بیر لە دۆزینەوەی ئەو پردە بکەنەوە کە بیانگەیەنێتە ناو کێشەو خەمەکانی خەڵك وپێداویستییە گرنگەکانی هاووڵاتی ئەگەرنا خەونی بە دوبەی کردنی وڵات تەنها خەونێکەو هیچی تر.